# سواڵكەر

كەژاڵ ئیبراهیم خدر/(kazhal_3@hotmail.com)

دایكم دەیگوت

ئەو كاتانەی كە مناڵ بووی

هەرچی كاتێ

مناڵێكی جل  پینەكراو

پیرەمێردێكی كۆڵ لە پشت

پیرەژنێكی بەرگ دڕاو

بۆ لەتێ نان

بۆ ئاسۆیەك خۆری شادی بدا بە ژیان

لە دەرگای ماڵمانیان دەدا

تۆ دەترسایت و دەست بەجێ

دەرگاكەشت لە روویاندا پێوە دەدا

ئەوا ئەمرۆش كە گەورە بووم

من بوومەتە سواڵكەری دەرگای دڵەكەت

لەبری خۆر، لە بری نان

خۆشەویستی تۆم پێویستە

هەوێنی ژیان

دەتخواتۆش بەكۆرپەی چاوەكانت  بڵێ

ئەگەر بێ و رۆژی چەند جارێ

پەنجەكانم لەدەرگای دڵەكەت بدا

كۆرپەكانی لێم زیز نەبێ و

دەرگاكەش لە رووم دانەخا

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com